هەرکەسێك خۆی فڕێبداتە خوارەوە لە شاخێك وخۆی بکوژێت؛ ئەوا لە ئاگری دۆزەخدایە تێیدا خۆی فڕێ دەداتەوە خوارەوە بە بەردەوامی

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێك خۆی فڕێبداتە خوارەوە لە شاخێك وخۆی بکوژێت؛ ئەوا لە ئاگری دۆزەخدایە تێیدا خۆی فڕێ دەداتەوە خوارەوە بە بەردەوامی، وئەوەی ژەهرێك بخوات وخۆی بکوژێت؛ ئەوا ژەهرەکەی لە دەستیدایە دەیخواتەوە لە ئاگری دۆزەخ بە بەردەوامی بۆ هەتاهەتایی، وئەوەی خۆی بکوژێت بە پارچە ئاسنێك؛ ئەوا پارچە ئاسنەکەی لە دەستیدایە ودەیخاتە نێو سکیەوە لە ئاگری دۆزەخدا بە بەردەوامی بۆ هەتاهەتایی».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە سەبارەت بە خۆکوشتن بە ئەنقەستەوە لە دونیادا، چونکە لە ڕۆژی قیامەتدا سزاکەی ئەوەیە لە نێو ئاگری دۆزەخدا بە هەمان شێوە خۆی دەکوژێت کە لە دونیادا خۆی کوشت وەکو سزایەکی گونجاو بەرامبەر کردەوەکەی، هەرکەسێك خۆی فڕێ بداتە خوارەوە لەسەر شاخێك وخۆی بکوژێت؛ ئەوا لە نێو ئاگری دۆزەخدایە وخۆی فڕێ دەداتە نێو دۆڵەکانی دۆزەخ بە بەردەوامی بۆ هەتاهەتایی، وئەوەی خۆی بکوژێت بە ژەهر خواردن؛ ئەوا ژەهرەکەی لە نێو دەستیدایە ولە نێو ئاگری دۆزەخدا دەیخوات بە بەردەوامی بۆ هەتاهەتایی، وئەوەی لە سکی خۆی بدات بە ئاسنێك وخۆی بکوژێت؛ ئەوا ئاسنەکەی لە نێو دەستیدایە ودەیخاتە نێو سکیەوە لە ئاگری دۆزەخدا بە بەردەوامی بۆ هەتاهەتایی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66204